ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

86

25 ی حوزەیران / جون ی 2024

**ئازادکردنی جولیان ئەسانج سەرکەوتنێکە بۆ بەرەی ئازادیخوازی و مرۆڤایەتی بەرامبەر بە ملهوڕ و مافیاگەریی دیموکراسی رۆژاوا!**



## جولیان ئاسانج و دیموکراسی رۆژاوا!

موحسین کەریم

دوای ١٢ ساڵ لە پەنابەری و زیندانی لەبەریتانیا، سەرەنجام رۆژی دووشەممە ٢٣ی ٦ی ٢٠٢٤، جولیان ئەسانج، دامەزرێنەری "ویکی لیکس"، لەلایەن دادگای ئەمریکاوە بڕیاری ئازادکردنی دراو ئەمرۆ ٢٥ ی ٦ بەرەو ئوستراليا گەڕایەوە.

بەپێی ڕاگەیاندنی وەزارەتی دادی ئەمریکا، جولیان ئاسانج دانی ناوە بە تۆمەتێکی جینایی کە بریتیە لە "پیلانگێڕی بۆ دەستکەوتنی زانیاری نهێنیَ، بەشێوەی نایاسایی، دەربارەی بەرگری نیشتمانی وڵاتە یەکگرتوەکان و بڵاوکردنەوەی" کە سزاکەی بریتیە لە (٦٢) مانگ زیندانی. بەڵام ئەو ماوەیەی لە زیندانی بەریتانیا بووە- کە زیاترە لە ٦٢ مانگ- بە سزا بۆی هەژمار دەکریَ.

شایانی ووتنە، دوای بڵاوکردنەوەی ژمارەیەکی زۆری فایلی نهێنیَ وەزارەتی بەرگری ئەمریکا، کە بەشێوەیەکی سەرەکی تایبەت بوو بە تاوانە جەنگیەکانی ئەو ووڵاتە لە عێراق و ئەفغانستان، لەلایەن "ویکی لیکس" ەوە، ئەمریکا بەتۆمەتی جاسوسی و ئاشکراکردنی بەڵگەنامەی نهێنیَ بۆ دوژمنانی ئەمریکا کە دەبێتە مایەی هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا، داوای ڕادەستکردنی جولیان ئەسانجی کرد بە ئەمریکا تا لەویَ دادگایی بکرێت. یەکێک لەو بەڵگانەی بڵاویکردەوە، ڤیدیۆی کوشتنی ژمارەیەک هاوڵاتی مەدەنی عێراقی بوو، لەگەڵ دوو رۆژنامەنوسی ئاژانسی هەواڵی رۆیتەرز، لە شاری بەغدا، لەلایەن

بۆ لاپەڕە ٢



## "ڕێگای گەشەپێدان" و ئۆپەراسیۆنی تورکیا دژی پەکەکە

عوسمانی حاجی مارف

لاپەڕە ٣



## پرسی ڕێکخستنی کرێکاری و هەولدان بۆ دروستکردنی دەستەکانی کرێکاران!!

مەهدی ڕەسوڵ(وەستا مەهدی)

بۆ لاپەڕە ٥



## گرژیەکانی نێوان حکومەتی ئیسرائیل و حزبوڵای لوبنان بەرەو کوێ؟

نوری بەشیر

بۆ لاپەڕە ٧



## بۆچی بەغدا و هەرێم بەئەنجام ناگەن؟

بنار مستەفا

لاپە ٦ڕە

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

## درێژەی.......... جولیان ئاسانج و دیموکراسی رۆژاوا

کۆپتەرێکی ئەمریکیەوە کە بووە هۆی هەڵماڵینی ڕووی ڕاستەقینەی سوپای ئەمریکاو لەقاودانی تاوانەکانیان بەرامبەر بە خەڵکی مەدەنی عێراق.

کاتێک ئەسانج لە لەندەن بوو، لەلایەن دادگای سویدەوە، تۆمەتی دەستدرێژی سێکسی خرایە پاڵی و داوای لێکرا لەبەردەم دادگا ئامادەبێت. بەڵام ئاسانج خۆی ڕادەستی سەفارەتی ئەکوادۆر کرد لە لەندەن و داوای مافی پەنابەری کرد. بەڵام هیچ کاتێک جولیان ئەسانج نەیتوانی بینای سەفارەت بەجێبهێڵێت، چونکە لەماوەی ئەو (٧)ساڵەدا پۆلیسی بەریتانی دەوری سەفارەتیان چۆڵ نەکرد، تا هەرکاتێک ئەسانج بێتەدەرەوە، دەستگیری بکەن.

دوای هاتنەسەرکاری حکومەتی ڕاسترەوی ئەکوادۆر و لەسەر داوای دۆناڵد ترامپ، لە مانگی ٤ی ساڵی ٢٠٢٩دا، مافی پەنابەری جولیان ئەسانجی ڕەتکردەوە. دوای ئەوە ڕاستەوخۆ پۆلیسی بەریتانیا لەناو سەفارەتی ئەکوادۆردا جولیان ئەسانجیان دەستگیرکرد و ڕەوانەی زیندانی(بیلمارش)یان کرد و لەژێر چاودێری توند و زیندانی تاکەکەسیدا دایان نا!

دوای دەرکردنی لە سەفارەتی ئەکوادۆر، حکومەتی ئەمریکا دووبارە داوای ڕادەستکردنەوەی کرد و نوسینگەی داوەری گشتی سویدیش ڕاستەوخۆ کەیسەکەی داخست! دوای مانگێکیش لەزیندانیکردنی، دەستەی سویندخۆرانی باڵای ئەمریکا (١٧) تۆمەتی دیکەی جاسوسیان ئاڕاستەی جولیان ئەسانج کرد.

لەماوەی (٥) ساڵ مانەوەیدا لە زیندانی بەریتانیا، بەشێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە مامەڵەی ئەسانج کراوە. بڕیاردەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پرسی ئەشکەنجە، (نیلز میلتز) ڕایگەیاند کە " ئەسانج بەروونی ئەوەی پێوە دیارە کە بۆماوەیەکی دورودرێژ ڕووبەرووی ئەشکەنجەی دەرونی بووەتەوە... بەڵام سەرەڕای ئەوە وەزیری ناوخۆی بەریتانیا ڕازی نەبووە ڕەوانەی خەستەخانە بکرێ یان کۆتایی بە دابڕینەکەی بهێنێرێ. .. ئەم مامەڵە توندوتیژە کاریگەری لەسەر تەواوی ژیانی دەبێت"! هەروەها (٦٠) دکتۆر لە (٨)ن وولاتەوە نامەیەکی کراوەیان بۆ حکومەتی بەریتانیا ناردو نیگەرانی خۆیان بەرامبەر بە چارەسەرنەکردنی دەستبەجێی جولیان ئەسانج دەربڕی کە ڕەنگە ببێتە هۆی مردنی، بەڵام ئەم بانگەوازەش گوێی لێنەگیرا!

بێگومان هەڵبەستنی تۆمەتی دەستدرێژی سێکسی لەلایەن دادگای سویدەوە، دواتر ئاراستەکردنی ١٨ تۆمەتی جاسوسی دژ بە ئەسانج لەلایەن سیستەمی دادوەری ئەمریکاوەو سەندنەوەی مافی پەنابەرێتی لەلایەن حکومەتی ڕاسترەوی ئەکوادۆرەوەو دواتریش زیندانیکردنی لە زیندانی تاکەکەسیداو دانانی فشاری دەرونی لەسەری و گوێنەدان بەدۆخی تەندروستی ئەسانج لەلایەن سیستەمی داوەری بەریتانیاو حکومەتی ڕاسترەوی بەریتانیاوە، ڕادەی قێزەونی هەموو سیستەمی داوەری و سیاسی بۆرژوازی رۆژاوایی و دیموکراسیەکەیان دەخاتەڕوو، ئەوە دەردەخات کە چەندە مرۆڤ و بانگەشەی مافی مرۆڤ ئازادیی مرۆڤ و عەدالەت و ...تاد. بێبایەخ و بێنرخە بە بەراورد بە بەرەژوەندیەکانی چینی بۆرژوازی و فەرمانڕەوای ئەو وولاتانە! لەکاتێکدا ئەوەی تاوان دەکات، دەسەڵاتدار و دادوەر و بڕیاردەرەو ئەوانەشی کە تاوانەکان ئاشکرا دەکەن، بەشیان ڕاونان و زیندانیکردنە! ئاستی قێزەونی پڕوپاگەندەی دیموکراسی ڕۆژاوا کاتێک زیاتر دەردەکەوێ کە تەنانەت بەپێی یاساکانی خۆشیان جولیان ئەسانج هیچ تاوانێکی ئەنجام نەداوە، کاتێک ئەو زنیاریانەی ئاشکرا کردوە. حکومەتی ئەمریکا ئەسانجی بە جاسوسیکردن و پیلانگێڕی بۆ ئاشکراکردنی نهێنیَ تۆمەتبار کردوە، لەکاتێکدا ئەم تۆمەتانە هیچ بنەمایەکی یاسایی نیەو دروستکراوەو پێچەوانیە لەگەڵ دەستوری ئەمریکا خۆیدا.

رۆژنامەی نیویۆرک تایمز دەڵێت: حکومەتی ئەمریکا بە یاسای جاسوسیکردنی ساڵی ١٩١٧ هێرش دەکاتە سەر ئەسانج کە کاتی بەسەرچووە و لەنێوان رۆژنامەنوسان کە پێشێلکاریەکانی حکومەت ئاشکرا دەکەن و جاسوسەکانی بێگانە کە ئاسایشی نەتەوەیی دەخەنە مەترسیەوە تێکەڵی دەکات... ئەمەش ئازادی ڕادەربڕین و رۆژنامەگەری قەدەغەدەکات و لەگەڵیشیدا هێزی دیموکراسی ئەمریکی"!

بێگومان لەماوەی ئەو ١٤ ساڵەدا کە جولیان ئاسانج لەژێر هەڕەشەی دەستگیرکردن و ڕادەستکردنەوە بە ئەمریکا بووە، دەیان ملیۆن کەس لەسەراسەری دنیادا پاڵپشتی بوون و خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی تۆمەتەکانی سەری بوون. دەیان خۆپیشاندان و چالاکی گەورە بۆ خواستی ئازادکردنی بەرێخراوە. سەرەنجام لەژێر ئەو فشارەدا بوو کە ئەمریکاو سیستەمی داوەری بۆرژوازی رۆژاوا شکست ئەهێنێت و ناچاردەبێ جولیان ئەسانج ئازادبکات. ئەگەرچی بەڕواڵەت سەرەنجام ناوبراو دانی بە تاوانێکیدا ناوەو سزای خۆشی لەسەر وەرگرتوە، بەڵام ئەم بانگەشەیە شەرمەزاری سیستەمی سیاسی و داوەری بۆرژوازی رۆژاوایی ناسڕێتەوە، کەسەروبنی زمانیان مافی مرۆڤ و دیموکراسی و ئازادی بیروڕایە! هاوکات وەکو چۆن ئەو کارەی جولیان ئەسانج کردی بەشێک بوو لە بەرگریکردن لە مرۆڤایەتی و بەها مرۆییەکان و هاوکات ئازادکردنکەشی سەرکەوتنێکە بۆ بەرەی ئازادیخوازی و مرۆڤایەتی بەرامبەر بە ملهوڕی بۆرژوازی بەگشتی و بۆرژوازی رۆژاوایی بەتایبەتی.

# "ڕێگای گەشەپێدان" وئۆپەراسیۆنی تورکیا دژی پەکەکە

## عوسمانی حاجی مارف

"ڕەوچاوکردنی ئەمنی و ئابوری دوو بابەتی هەرە گرنگن لە پەیوەندیەکانی تورکیە لەگەڵ هەردوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقدا، تورکیا لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە بنکەی سەربازی بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی دژ بە پەکەکە لە ناوچەی زۆنی زەرد لە دهۆک و هەولێر دامەزراندووە، کە بارزانی کۆنترۆڵی تەواوی هەیە لەو زۆنەدا.

تا ساڵی ٢٠١٦ ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی تورکیا لە ناوچەی دەسەڵاتی بارزانیدا زۆرتر کورتخایەن بون، ئەنقەرە بەدوای دامەزراندنی بنکەی هەمیشەیی نەبوو. بەلام دوای ڕیفراندۆمی ٢٠١٧ وە ڕاگەیاندنی ئیدارەی ترەمپ لەبارەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا، هەڵسورانی هێزەکانی سوریای دیموکراتی، ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی تورکیا لە هەولێر و دهۆک زیادی کرد. لە ساڵی ٢٠١٨ تورکیا دەستی کرد بە دامەزراندنی بنکەی هەمیشەیی.

ئەردۆغان، بەڵێنیدا ڕێرەوێکی ئەمنی بە درێژایی ٣٠ بۆ ٤٠ کیلۆمەتر لە سنوورەکانی تورکیا لەگەڵ عێراق و سوریا دروست بکات و دامەزرێنێت، بەمجۆرە ئەنقەرە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی تەواوی سنووری تورکیای لەگەڵ عێراق خستەبەرنامەی جێبەجێکردنەوە، هەروەها ئەم هەوڵانە نوێنەرایەتی دوایین هەوڵی کردنەوەی دەروازەیەکی سنوری نوێی لەگەڵ عێراق کرد، کە سێگۆشەی تورکیا-عێراق-سوریا پێکدەهێنێت.

بەهۆی خۆئامادەکردنی تورکیا بۆ هێرشێکی کاریگەر بۆ سەر پەکەکە، ئەنقەرە سەرقاڵی دیپلۆماسیەکی چڕ بووە لەگەڵ بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی عێراق و سەرکردە میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران، دوابەدوای سەردانەکەی ئەم دواییەی هاکان فیدان، وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ بەغدا، عێراق بەیاننامەیەکی هاوبەشی لەگەڵ تورکیا بڵاوکردەوە و تیایدا پەکەکەی بە ڕێکخراوێکی "قەدەغەکراو" و "مەترسی ئەمنی" بۆ تورکیا و عێراق وەسفکرد، کە ئەمەش بە دەستکەوتێکی گەورە بۆ ئەنقەرە ئەژماردەکرێت.

ئەنقەرە بەهۆی بێدەنگی بەغداوە هەلی گونجاوتری بۆ هەڵکەوتوە، بۆیە پێدەچێت ئۆپەراسیۆنەکەی لە دژی پەکەکە لە قەزای کارا چڕ بکاتەوە کە دەکەوێتە پارێزگای دهوک، گرنگترین ئامانجی ئۆپراسیۆنەکەی تورکیا زیاتر بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی ڕێگای "گەشەپێدانە"، کە بە موسڵدا تێدەپەڕێت، نزیکەی ٣٠ کیلۆمەتر لە کاراوە دورە.

ئەنقەرە بەتایبەتی نیگەرانە لەوەی کە بوونی پەکەکە لە شەنگال لە ڕۆژئاوای موسڵ، پرۆژەکە پەک دەخات، بەم شێوەیەش جەخت دەکات ئۆپەراسیۆنەکانی لەو ناوچانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە دەشتی موسڵ و ڕێگای گەشەپێدانەوە کۆنترۆڵ کات.

هەروەها، بەپێی بەیاننامە هاوبەشەکە، بەغدا و ئەنقەرە بڕیاریانداوە لیژنەی هەمیشەیی هاوبەش پێکبهێنن بۆ کارکردن لە بوارەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، بەلام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەنقەرە تائێستا نەیتوانیوە لەگەڵ بەغدا بگاتە ڕێککەوتنێکی ئەمنی هاوشێوەی ئەو ڕێککەوتنەی کە عێراق پێشتر لەگەڵ ئێران واژۆی کردبو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سەرجەم گروپە چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆنە کوردەکانی ئێران، سەرەڕای ئەمەش تورکیا پێیوایە لە هاوکاریە ئابوریەکان لەگەڵ بەغدا و فشارە دیپلۆماسیە هاوبەشەکان بۆ ڕووبەڕونەوەی پەکەکە، وردە وردە سوودەکانی دەچنێتەوە. جگە لەوەش ئەگەری ئەوە هەیە سەردانەکەی ئەردۆغان بۆ عێراق زەمینە بۆ ڕێکەوتنێکی لەو شێوەیە خۆش بکات کە ناوەندێکی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لەخۆ بگرێت.

ئەوەی لەم نێوەدا بایەخێکی جدی هەیە، تورکیا بۆیە هەوڵدەدات لەگەڵ عێراقدا پرۆژەی "ڕێگای گەشەپێدان" بەرەو پێشەوە بچێت، هەوڵدەدات پەیوەندی ناوچەیی ڕاستەوخۆ لەنێوان هەردوو وڵاتدا لەڕێگەی ئەم پرۆژەیەوە بەدەستبهێنێن و پێگەیەکی باڵا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دابمەزرێنن.

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبدەین، پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان پێویستی بە ١٧ ملیار دۆلار وەبەرهێنانی بیانی دەبێت، ئەو پرۆژەیەی کە بە بەسرە، دیوانیە، نەجەف، کەربەلا، بەغدا و موسڵدا تێدەپەڕێت و لە ڕێگەی ڕێرەوێکی وشکانیەوە بەغدا و ئەنقەرە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، دەرفەتی پێشڕەوی لەباری ئابوریەوە بۆ هەردوو وولات دەرەخسێنێت.

بەرپرسانی تورکیا لەم بارەیەوە دەڵێن، ئەگەر ڕێڕەوەکە بکرێتەوە، لە پرۆسەکەدا هەولێر و موسڵ و کەرکوک و بەغدا بە هاوبەشی ئاوەدان دەکرێنەوە.

هەر لەم بارەیەوە لەبەرئەوەی لە ڕێڕەوەکەدا هەولێریش هاتوتە ناوانەوە،

ئەنقرە و بەغدا پێویستیان بەوەیە مامەڵەیەکی گونجاوتر بەکاربهێنن بۆ کۆنترۆڵکردنی تەواوی پێگەی بارزانی و حکومەتی هەرێم لە هاوکێشەی سیاسی ناوچەکەدا، هەرچەندە بارزانیش ناچاربووە بکەوێتە بەرەی دژی پەکەکەوە، بەڵام دیاریکردنی پێگەو بەشی هەولێر لە پرۆژەی گەشەپێداندا تائێستا ڕۆشن نیە.

هەرچەندە تورکیا دەڵێت ئاسایشی کۆریدۆرەکە لەلایەن قەوارە ئەمنیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەروەها حکومەتی ناوەندی عێراقەوە دابین دەکرێت، بەڵام ئەو ڕۆڵەی کە هەرێم لە کۆریدۆرەکەدا دەیگێڕێت، ڕوون نیە کە چۆن دەبێت.

بەوپێیەی ئەم ڕێگایە بەشێوەیەک داڕێژراوە کە بەدەر لە ناوچەی کوردستانی عێراقە، پچڕاندنی پەیوەندی وشکانی دەکات لەگەڵ ئەو هێزانەی سەر بە پەکەکەن، ئەو هێزانەی کە کۆنترۆڵی هەردوو دیوی سنووری عێراق و سوریا دەکەن، ئەو ناوچانەش هەڵگری ڕەهەندێکی ئەمنی گرنگن بۆ تورکیا بەتایبەتی لە پەیوەند بە پرۆژەی گەشەپێدانەوە.

ڕێگای گەشەپێدان کە بەسرە بە بەغدا و موسڵەوە دەبەستێتەوە، پێش ئەوەی سنووری تورکیا ببڕێت، تەواوی هەرێمی کوردستانی عێراق بەدەر دەکات، فاکتەری تۆپۆگرافی و ئابووری لە پشت ئەم بڕیارەوە بووە. لەلایەکی دیکەوە، مەسرور بارزانی، جەختی لەسەر پێویستی "لکاندنی هەولێر و بەدەستهێنانی "ڕەزامەندی" بۆ جێبەجێکردنی ڕێبازی گەشەپێدان کردووە، ئاخۆ ئەم جەختەی مەسرور تاچەند وەڵام وەردەگرێتەوە، بەمانەوەی پەکەکە لە ناوچەکەدا، ئاسۆیەکی ئەرێنی لەبەردەمیاندا نابێت.

پێویستە بگوترێ ئیدارەی هەولێر لە دوای ڕیفراندۆمی ٢٠١٧ ەوە بەهۆکاری سیاسی و ئەمنی و ئابووری لە دۆخێکی لاوازدا بووە و پاشکۆبونێکی یەکجاری بۆ بەغدا نیشانداوە، بەڵام کێشەکانیان هەر ڕۆژە لە بوارێکدا ڕەنگ ئەداتەوە، هەڵبەتە پێدەچێت لەم پرۆژەیەشدا بە مەرجێکی تەواو خۆرادەستکردن بە بەغداو ئەنقەرەوە، هێزەکانی بارزانی وەک پاسەوانێک دەمیننەوە.

هەروەها جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەی گەشەپێدانە و کردنەوەی ڕێڕەوەکە، ناوچەکانی نێوان کوردەکانی عێراق و سوریا لە یەکتر دادەبڕێت. تورکیا چەندین جار ڕایگەیاندوە کە دەیەوێت بە کردنەوەی دەروازەی ئۆڤاکۆ ڕێڕەوی پەکەکە لە عێراقەوە بۆ سوریا ببڕێت.

لەلایەکی تریشەوە ئەنقەرە دەیەوێت بگاتە ناوچە سوننە و تورکمانەکان لە باکووری عێراق، وەک موسڵ کە بنکەی سەربازی بەعشیقەی تورکیای لێیە، هەروەها کەرکوک کە تورکمانەکانی تێدا نیشتەجێیە. تورکیا لەڕێگەی ئەم پرۆژەیەوە دەتوانێت پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ تورکمان و عەرەبی سوننە دروست بکات بۆئەوەی لە ڕێگەی پەیوەندیە ئابوریەکانەوە کاریگەری سیاسی زیاتر لەسەر ئەم پێکهاتانە بەدەستبهێنێت.

هەرچەندە تورکیا دەڵێت ئاسایشی کۆریدۆرەکە لەلایەن قەوارە ئەمنیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەروەها حکومەتی ناوەندی عێراقەوە دابین دەکرێت، بەڵام ئەو ڕۆڵەی کە هەرێم لە کۆریدۆرەکەدا دەیگێڕێت ڕوون نییە، بەو پێیەی ئەم ڕێگایە بەشێوەیەک داڕێژراوە کە پچڕاندنی پەیوەندی وشکانیە لەگەڵ ئەو هێزانەی سەر بە پەکەکەن، کە کۆنترۆڵی هەردوو دیوی سنووری عێراق و سوریا دەکەن. هەرچەندە هەڵگری ڕەهەندێکی ئەمنی گرنگە بۆ تورکیا، بەڵام مەترسی هەیە لە سەر حکومەتی هەرێم.

ئایندەی پێکهاتەی هەرێم لەم پرۆژانەدا چۆن دەبێت هێشتا لە مامەڵەدا ماوەتەوە، هەتا گەر وەک پاسەوانێکیش قەبوڵ بکرێن، حکومەتێکی تەواو کارتۆنی بەڕێوە دەبەن، ئەمەیە حاڵەتی ئەو حکومەتەی کە بارزانیەکان سی ودوو ساڵە بەڕێوەی دەبەن و هەر ڕۆژە پردی بەرژەوەندی و سیاسەتی وڵاتێکن، ئەو حکومەتەی کە جەماوەری نارازی کوردستان کەی هەڵیان قۆستەوە پاکتاوی دەکەن.

☆

**ئۆکتۆبەر**

**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ڤایبەر: 07700475533

مۆبایل:0044(0)7394013135

Muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:

October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**

مۆبایل:00964(0)7701570050

Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**

00964(0)7701521043

Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**

Mob: 0044(0)7856032991

Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:

**جەمال موحسین**

0047(0)47276028

Email:krtariati.ms@gmail.com

# پرسی ڕێکخستنی کرێکاری و هەوڵدان بۆ دروستکردنی دەستەکانی کرێکاران!!

## مەهدی ڕەسوڵ(وەستا مەهدی)

یەکێک لە ئامانجە بنەڕەتیەکانی ئێمە، هەڵسوراوانی کرێکاری لە کوردستان، ڕێکخستنی چینی کرێکاری کوردستانە. ئێمە پێمانوایە یەکەمین هەنگاو کە دەبێ کرێکاران دەستی پێبکەن، ڕێکخراوبونە و دەتوانم بڵێم ڕێکخراوبون بەردی بناغەی ئاڵوگۆری ئەوزاعی ئێستای چینی کرێکارە .

هەوڵەکانی تائێستامان لەماوەی سی دەیە لە خەباتی بێوچانمان لەناو کرێکاران بۆ ڕێکخستنی کرێکاران و بەرێخستنی بزوتنەوەیەکی کرێکاری خەباتکار بۆ دانانی جێگەو ڕێگەی کاریگەری چینی کرێکار لەئاستی ئابوری و کۆمەڵاتی و سیاسیدا، سەرئەنجام گەیشتووە بە جێگایەک کە پێویستە هەڵوەستەیەکی لەسەر بکەین و لە چەند لایەنەوە قسەی لەسەربکەین. کۆتا شتیش ڕێگە چارەو پێشنیارەکانمان بخەینە پێش دەستی کرێکاران و چاوەروانی ئەنجامەکان بین .

کرێکارانی کوردستان وەک بەشێکی دانەبراو لەچینی کرێکار لەئاستی دنیاو ناوچەکەدا، دەرگیری دەیان کێشەو ڕێگرین لەبەردەم بەرەو پێشچوونی بزوتنەوەکەمان بە ئاراستەی یەک بزوتنەوەی کرێکاریی خەباتکار بۆ ئاڵوگۆری کار و ژیان و گوزەرانمان .

سەرەکیترین ئەو کێشەو ڕێگریانەی چینی کرێکار کە ریشەیەکی قوڵیان هەیەو ڕاستەوخۆ پەیوەندیان هەیە بەسیستمی سیاسی و ئابوری عێراقەوە، بەتایبەت لەماوەی ئەم سێ دەیەیەی ئەخیر، واتە لە نەوەدەکانی سەدەی بیست تا بیستەکانی سەدەی بیستویەک، عێراق بەهەرێمی کوردستانیشەوە ئالودەی جۆرێک لە سەرگەردانی سیاسی بووە کە هاوکات لەسایەی ئەم سەرگەردانیە سیاسیەدا هێزی کاریش بە ئەندازەیەک بێرەواج بووە کە ڕێگەی کردوەتەوە بۆ سەرمایەداران یاساکانی خۆیان بسەپێنن بەسەر کرێکاراندا و تا ئەوپەری بێمافی بکەنە سونەت و بەجۆرێک کرێکاران سەرکوت کەن کە تەنانەت نەک هەر توانای بەرگری و بەرێکخستنی بزوتنەوەیەکی خەباتکارمان نەبێت، بەڵکو ملکەچی ئەوجۆرە لە کارمان بکەن کە خۆیان دەیانەوێت .

حوکمەت بەتەواوەتی پشتگیری خۆی بۆ سەرمایەداران ڕاگەیاندووە. تەنانەت ئامادەنییە وەک ناوبژیوانێکیش مەسئولیات لەخۆی نیشاندا و لانی کەم ئەو مافانەی کە لە یاساو ڕیساکانی تایبەت بە کرێکارو مافەکانیەتی وەک خۆی جێبەجێ بکات. دەوڵەتی عێراق و حوکمەتەکانی چەندین ڕێکەوتننامەو بڕیارنامەی نێودەوڵەتیان واژۆکردووە بەپێی دەستور و یاساو ڕیساکانی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، ئەبێ پابەندی خۆیان پێیانەوە بسەلمێنن، بەڵام هێشتا لەسەر پرسی ڕێکخراوبون و بەرەسمی ناسینی ڕێکخراوە کرێکاریەکان خۆیان ساغ نەکردوەتەوەو هێشتا ئازادیی ڕێکخراوبون بۆ کرێکاران لەسەر ئەرزی واقع نەسەلمێنراوە. ئەمە لەکاتێکدا کە دوای ٧١ساڵ ئینجا عێراق لەساڵی ٢٠١٩ڕێکەتننامەی تایبەت بە ئازادیی ڕێکخراوبونی واژۆکردوە و گوایە ئیتر کرێکاران بەئازادانە دەتوانن ڕێکخراوی سەربەخۆی خۆیان ڕاگەیێنن، بەڵام کاتێک سەیری یاسای کار دەکەی، ڕێکخراوبونی کرێکاران تەنگەبەردەکاتەوە بە (الاکثر تمثیلا) واتە ئەو ڕێکخراوەی کە نوێنەراتی زۆرترین ئەندام دەکەن لای حوکمەت بەرەسمی دەناسرێ و باقیەکەی تری نارەسمین.

ئەوەی کە لەعێراق و لەکوردستانیش بۆچارەسەری کێشەکانی کرێکاران کاری پێکراوە لە چەندین ساڵەوە لەرێگای دادگاکانی کارەوە بووە و دادگا تەنها دوو جۆر لە نوێنەراتی بۆ کرێکار بەرەسمی ناسیوە بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانیان لەگەڵ خاوەنکاردا، یان سەندیکاکان یان پارێزەر کە هەردوو ئەم نوێنەرایەتیەش بۆ کرێکاران هێشتا نە جێگای متمانەیەو نە لەرووی عەمەلیشەوە بۆ کرێکاران فەراهەم دەبێت. چونکە نە سەندیکاکان نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی کرێکاتان دەکەن و نە کرێکار دەتوانێ خەرجی پارێزەر دابین بکات بۆ بەرگەی لە مافەکانی!

ڕێگریەکی تر کە کرێکاران لە ڕێکخراوبون دوور ئەخاتەوە، ترسی لەدەستدانی ئیشەکەیەتی کە ترسێکی زۆر واقیعیە و چەندین کرێکار تەنها لەبەرئەوەی داوای مووچەکەی خۆیان کردووە کە لەکاتی خۆیدا بدرێت، لەسەر کارەکانیان دەرکراون. هیچ خاوەنکارێک پابەند نییە بە یاساوەو کەمترین لێپرسینەوەش هەیە لەخاوەنکارەکان .

هاوت بێکاری شانسێکی زۆر گەورەی داوە بەخاوەنکارەکان تا زۆر بێدەربەستانە کرێکار بێکار بکەن بێئەوەی پەکی کەوێ لە کرێکار. دەیان و بگرە سەدان کریکاری بێکار ئامادەن بە هەرزانتر لەو قیمەتەی کە کرێکارانی لەسەرکار کاریان بۆدەکەن، شوێنەکانیان بگرنەوە.

ئەم واقیعە تاڵە هەرچەندە کرێکارانی لە وەزعێکی خراپدا راگرتووە ،بەڵام هێشتا کرێکاران بەشێوەی جۆراوجۆر ڕووبەڕووی دەبنەوەو چەندین هەوڵ، ئەگەرچی زۆر سەرەتایی و بچووکیش بن، لەلایەن کرێکارانەوە هەیەو خەریکە لەزۆرێک لە ناوەندە پیشەسازیەکان دەبێتە

نەریت و کرێکاران لەدەوری یەکتر لە گرووپە ماسنجەریەکانیان کۆدەبنەوەو لەسەر پرسەکانیان و کێشەکانیان قسەوباسیان هەیەو هەر لەوێشدا بڕیاری پێویست دەدەن دەربارەی چۆنیەتی بەرەوپێشبردن و جێبەجێکردنیان. ئەم جۆرە بزوتنەوەیە هەرچیەک بێت، جێگای ئومێدی ئێمەیەو دەکرێ بکرێتە سەرەتای دەورەیەکی نوێ لەخەباتی هاوچەرخی کرێکاران بۆشکاندنی تەوقێک کە لەچواردەوری چینی کرێکار دراوەو کرێکاران رووەو ئایندەیەکی باشتر بەرێت .

تائێرە لە هەلومەرجێکی ئاوادا ئێمە پێشنیاری ئەوەدەکەین کە کرێکاران لەهەنگاوی یەکەمدا ئەم گرووپانە بکەنە دەستەکان و بەهەر ئەندازەیەک بۆیان دەکرێ بەرەسمی رایان گەیێنن و لەپرۆسەیەکدا کە دەزانن ئیمکانی هەیە دەست بۆ هەنگاونان بەرەو کۆنگرەیەکی سەراسەری بەرن، تا لەوێ بریاری کۆتایی لەسەر ئایندەی کار و ژیانی خۆیان بدەن. ئێمە خۆمان لەریزی پێشەوەی ئەم حەرەکەتەدا دادەنێن و بەوپەری تواناوە هاوکارتان دەبین .

**بەهرەمەندبوونی کرێکارانی کوردستان لە یاساکارێکی پێشڕەو و هاوچەرخ مەسەلەیەکی دەستبەجێی و هەنووکەییە بۆ پاراستنی ژیان و کەسایەتی و دابینکردنی مافەکانی کرێکاران!**

# بۆچی بەغدا و هەرێم بە ئەنجام ناگەن؟

**بنار مستەفا**

ململانێی نێوان دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی ناوەند لە بەغدا درێژەی هەیە و ناوبەناو توندتر دەبێتەوە. وێرای چەندین بەڵێن و ئاماژە بە رێکەوتن، گرفتەکان بە ئەنجام نەگەیشتوون و هەردوولا یەکتر تاوانبار دەکەن بە پێشێلکاری و پابەندنەبوون بە رێککەوتنەکان.

ناوەرۆکی ئەم کێشمەکێشانە تەواو سیاسییە و ململانێیە لەسەر پێگەی بەهێزی دەسەڵات و ئابووری. لەدوای جەنگ و داگیرکاری عێراقەوە بە سەرپەرشتیاری ئەمریکا، دەسەڵات لە عیراق لەسەر بنەمای ئاین، مەزهەب، نەتەوە و هتد دابەشکرا. لایەنەکانی بەشداربووی ئەم پرۆسەیە هێزی خۆیان لە لاوازی لایەنەکانی تر دەبینییەوە و بەهێزیی بەرانبەریش بە شکستی خۆیان. هەربۆیە هەر لایەنێکیان هێزی چەکداری فراوان و تۆکمەی لە دەوری خۆی بنیاتناوە. بە هێزی چەکدار حوکمڕانی دەکەن و بە شکڵیش بەشداری هەڵبژاردن و پەرلەمان دەکەن.

ڕۆشنە ئەم جۆرە سیستەمە هەمیشە دووگیانە بە گرژی و کێشمەکێش، تا ئاستی پێکدادان و جەنگ. خەڵکی کوردستان و عێراق لە دوو دەیەی ڕابردوودا بەتاڵترین شێوە بەرهەمی ئەم جۆرە سیستەمەی ئەزموون کردووە. هەر ئەم شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایە هۆکار بووە، کە وێرای چەندین کۆبوونەوە و ڕێکەوتن، نەتوانن بە ئەنجام بگەن. دەیان دانیشتن و دانوسان نەک کێشەکان یەکلایی نەکردۆتەوە، بەڵکو لێکەوتەی زیاتری لێبۆتەوە.

ئەگەر کێشەی ئەم لایەنانە لەسەر ژیان و چارەنووسی خەڵکی بوایە، زۆر ئاسان و بێگرفت بە ئەنجام دەگەشتن. بۆنموونە دەسەڵاتدارانی کوردستان دەیانتوانی هەموو سازشێک بکەن بەوەمەرجەی حکومەتی ناوەندی ئەرکی دانی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لە ئەستۆ بگرێت و لەکاتی خۆیدا دابەشی بکات. بەپێچەوانەوە دەسەڵاتدارانی عێراق دەیانتوانی خواستەکانی دەسەڵاتدارانی کوردستان لەبەرچاو بگرن، ڕەزامەندی لەسەر داواکانی بەرانبەر نیشان بدەن و بڕە بودجەی هەرێم بنێردرێت، بەوەمەرجەی مووچەی فەرمانبەران دابین بکرێت و خزمەتگوزاری پێ فەراهەم بکرێت.

واتە گەشتن بە ڕێکەوتن مەحاڵ نییە، گەر ئامانج بەرژەوەندی خەڵکی بێت و ئامادەبن لەپێناویدا سازش بکەن. بەڵام کاتێک کێشمەکێش لەسەر داهات و پێگەی سیاسی لایەنەکان خۆیانە و پەیوەندی بە گوزەرانی خەڵکییەوە نییە، ناکۆکییەکان بە هەڵواسراوی دەمێننەوە، قووڵتر دەبنەوە و مەترسی لەسەر ژیانی خەڵکی پێکدەهێنێت.

بۆ جەماوەری خەڵکی کوردستان ڕۆشن بۆتەوە، کە نە دەسەڵاتدارانی کوردستان و نە عێراق خواست و بەرژەوەندییەکانیان لەبەرچاو ناگرن. خەڵکی نابێت هیچ ئومێد و چاوەڕوانییەکیان لەم دەسەڵاتدارانە هەبێت و پێویستە گەشتن بە ئامانجەکانی خەڵکی لە دەرەوەی ئەم دەسەڵاتدارانە ئاراستە بگرن. ئەمەش خەباتی جەماوەریی ڕێکخراو و هوشیارانە دەخوازێت بەدژی هەردوو کەمپی کێشمەکێشەکە، واتە حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەند لەدەوری پلاتفۆرمی سیاسی شۆڕسگێڕانەو ڕادیکاڵ و لەدەوری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کە ئامانجی سیاسی بریتیە لە گێڕانەوەی ئیرادەی سیاسی بۆ جەماوەر و گۆڕانکاری ریشەیی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی لە بەرژەوەندی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش.

# گرژییەکانی نێوان حکومەتی ئیسرائیل و حزبوڵای لوبنان بەرەو کوێ؟

نوری بەشیر

بەپێی بڕیارێک کە ئەنجومەنی سیاسی حکومەتی ناتانیاهۆ داویێتی بۆ شەڕ لەدژی حزبوڵای لوبنان، هەروەها بەپێی وەڵام و قسەکانی حەسەن نەسروڵا بۆ ئامادەیی شەڕ، هەروەها هەر بەپێی ڕاگەیاندنەکانی میدیا و سیاسەتمەدارە گوێ لەمستە بۆرژوازییەکان و لایەنگرانی هەردوو بەرەکە لە حکومەتان و حزبە ملیشیاکان، دەبێتە جەنگێکی ترسناک کە پڕە لە کوشتارو کاولکاری لەدرێژەی ئەوەی لە غەززە تا ئێستا بەردەوامە، ڕووبدات.

گرژییەکانی تائێستای نێوان هەردوولای کۆنەپەرست و دژی ئینسانی حکومەتی ئیسرائیل و حزبوڵای لوبنان ئەگەرچی لە ٨ی ئۆگەستی ساڵی پارەوە بەدوای هێرشەکانی حکومەتی نەتەنیاهۆ بۆ غەززە بەردەوامە، بۆتەهۆی ماڵوێرانی و کوشتارو ئاوارەبوونی خەڵکی باشووری لوبنان و باکوری ئیسرائیل کە نزیکەی دووسەد هەزار کەس شوێن و جێگای خۆیان بەجێهێشتووە ئاوارەی ئۆردوگاکان بوون، بە هەزاران کەس لە خەڵکی مەدەنی هەردوولا جیا لە هێزە میلیشیاکانی حزبوڵاو حکومەتی ئیسرائیل کوژراو و بریندار بوون، بەڵام لە دوو هەفتەی ڕابردوودا کێشەکان پێیناوەتە دەورێکی نوێیەوە. دیارە ئیسرائیل زۆر لەمەزیاتری پێویستە کە لە کۆمەڵکوژی غەززەدا ڕوویداوەو دەیەوێت کە بەردەوامبێت.

ئەم ئامادەکارییەی نەتەنیاهۆ بۆ بەرزبوونەوەی گرژییەکان و بەپێی هەواڵەکانی هەموو میدیاکان بۆ ئاستی شەڕێک لەناوچەکەدا ملدەنێت. ئەگەرچی کارێکی ئاوا لەهەلومەرجێکدایە کە نەتەنیاهۆ لە هەشت مانگی ڕابردوودا لە هێرشەکانی بۆسەر غەززە، ویستوویەتی چوارچێوەی هێرشەکانی بۆ ناوچەکە فراوانبکاتەوە، کە ئەمە پێداویستیەکی حکومەتی ئیسرائیل بووە، لەگەڵ هەموو ئاستەنگیەک و شکستێک کەبەرەوڕووی بۆتەوە، لەگەڵ هەموو ئاگادارکردنەوەیەک لەلایەن دۆستەکانیەوە لە وڵاتانی ئەوروپاو بەتایبەت ئەمریکاوە، لەگەڵ هەموو ئەو نارەزایەتیە جیهانیەی بەرەی ئازادیخوازو چەپدا لە ئاستی دنیاو ناوەوەی ئیسرائیلدا، لەگەڵ بڕیارەکانی دادگای دادی نێودەوڵەتی و دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا، بەڵام وەک پێداویستیەکی حکومەتەکەی و مانەوەی دەسەڵاتەکەی بەردەوامبوونی کێشمەکێش و بارگرژی و جەنگ وەکو ڕێگای دەربازبوون تەماشا دەکات.

لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵە جیهانیەدا بۆ وەستانی ئاگربەست و تا دەگاتە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش بۆ بەرەسمیەت ناسینی دەوڵەتی فەلەستین، بەڵام تاکو ئێستا هێرشەکانی بۆسەر غەززەو ڕەفەح نەوەستاندووە تەنیا چەند ڕۆژ لەمەوبەر و لەیەک ڕۆژدا ٦٠ کەس کوژراو و زیاتر لەسەدان کەس بریندارن زیان لە هێزەکانی ئەنروا –دەزگای فریاگوزاری و کاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەرانی فەلەستین کەوتوە. ئەگەرچی نەتەنیاهۆ بۆمانەوەی دەسەڵاتەکەی پێویستی بە شەڕ هەیە، تا نائارامی لەناوچەکەدا زیاتر بێت، بۆلابردنی زەینی دنیا لەسەر کۆمەڵکوژی و هێرشەکانی بۆسەر فەلەستین، ئەگەرچی کێشەکانی لەگەڵ حزبوڵا کۆنترن و هەردوولا بۆ هەیمەنەو دەسەڵاتیان لەناوچەکەدا هەوڵدەدەن، بەڵام لەبەرامبەر هەلومەرجی جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆییدا هاوپەیمانانی هەردوولای هاوکێشەکە لەو گرژییەی دروستیان کردوە بۆ ئاستی شەڕێکی فراوان شتێکی تر دەڵێت.

هاوپەیمانانی حکومەتی نەتەنیاهۆ لە ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپا، کە تێوەگلاون لەکێشەیەکی گەورە، بەپێچەوانەی خواستی نەتەنیاهۆ بەرژەوەندیان لە درێژەی ئەو گرژیانەدا بۆئاستی شەڕ لەگەڵ حزبوڵا نیە، ئەوان و ناتۆکەیان ئێستا لە شەڕێکی سەختدان لەگەڵ ڕوسیادا کە مەیدانەکەی ئۆکرانیایە، کە ڕۆژانە لە پاشەکشەدان، دەیانەوێت هیچ بەرەیەکی تریان بۆ دروست نەبێت، تائەوەی بەشێوەیەک لەژێر باری ئەو کێشەیەدا دەردەچن. ئەوەندەی بە ناوچەکە دەگەڕێتەوە کە خۆی بەهۆی بەردەوامی هێرشی ئیسرائیل بۆسەر غەززە، نائارامیەکی فراوانی تێدا دروستکردووە، نەک تەنیا بۆ کەشتیە بارهەڵگرو بازرگانیەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان، لە دەریای سوورو کەنداوی عەرەبیدا، بەڵکو هەموو هەلومەرجەکە بۆ هەموو حکومەتانی ناوچەکە نائارامە کە سەرمایەی خۆیانی تێدا بەگەڕ بخەن، بۆیە بە پێچەوانەوە هەلومەجێکی ئارامیان دەوێت.

تا بەناوخۆی ئیسرائیل و لوبنان دەگەڕێتەوە، حکومەتی نەتەنیاهۆ بەجیا لەنارەزایەتیە جیهانی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، ڕووبەڕووی نارەزایەتی ناوخۆی جەماوەری و ئۆپۆزیسیۆن بۆتەوە، کە ڕۆژی شەممە ٢٢ی حوزەیرانی ٢٠٢٤ بەدژی حکومەتی نەتەنیاهۆ نزیکەی سەدوپەنجا هەزار کەس لە تەلئەبیب خۆپیشاندانی نارەزایەتیان ئەنجامداو داواکاری؛ وەستانی هێرشەکانی سەر غەززە و ئاگربەست، ئاڵوگۆڕی زیندانییەکان و داوای دەستبەجێ هەڵبژاردن و ڕۆشتنی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل بنیامین نەتەنیاهۆیان کردووە.

# هەرجۆرە فشارهێنانێک بۆ ڕاگواستن و لەکەمپنانی زۆرەملێی پەنابەران و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی دانیشتوی هەرێم، سەرکۆنە دەکەین!

بەپێی هەواڵێک کە چەند ڕۆژ لەمەوبەر لەچەند کەناڵێکی میدیای هەرێمی کوردستانەوە بڵاوکراوەتەوە، جارێکیتر دەزگای ئاسایشی هەرێم پەیامی سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانی گەیاندۆتە، ئەو لایەنە ئۆپۆزسیۆنانەی کەلەخاکی هەرێمدا نیشتەجێن و ژمارەیەک لەخێزان وخەڵکی پەنابەروئاوارەیان لەگەڵدایە، شوێنی نیشتەجێبونی چەندین ساڵەی خۆیان چۆڵبکەن وئامادەبن بۆ ڕاگواستنیان بۆ ناو ئەو کەمپانەی کە یەکیەتی نیشتمانی، بۆڕازی کردنی دڵی کۆماری ئیسلامی ئێران دیاریکردون. ئەمەش جگەلەوەی سیاسەتێکی کۆنەپەرستانەیە، خۆشخزمەتیەکی ئاشکراشە بۆ جمهوری ئیسلامی، لەهەمانکاتدا ژیانی هەزاران کەس لەگەورەو بچوک و لەژن و پیاوی پەنابەر و ئاوارەی دەستی ڕژێمی ئیسلامی، دەخاتە ژێر ڕەحمەتی کردوە ئینسانکوژی و تیرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە. سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانی بەم کارەشی جارێکیتر بەڵگەی ئەوە بەدەستەوەدات، کەبەخاتری ڕازیکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران، نامەسئولانەترین سیاسەت وکردەوەی نامرۆڤانە بگرێتەبەر. ئەمجۆرە سیاسەت وهەڵسوکەوتانەش کەبەشێکە لەمێژوی ئەم حزبە، ئەمەش هەموو ئەو پڕوپاگەندە ناسیونالیستیانە بەدرۆ دەخاتەوە کە سەرکردایەتیەکەی، ڕۆژانە سەبارەت بەکوردایەتی وخەمخۆری بۆ کوردو هەرچوارپارچەی کوردستان بەگوێی خەڵکیدا دەدەن.

گوشارەکانی ئەمجارەی ئاسایشی هەرێم و سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانی بۆ سەر لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان، ڕاستەوخۆ بەدوای سەردانەکانی نێچیرڤان بارزانی بۆ تاران و هاتنی وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران دێت بۆ هەرێمی کوردستان ودانی بەڵێنی هاوکاری کردنی زیاتر لەلایەن ئەحزابی دەسەڵاتدارەوە، بەکۆماری ئیسلامی ئێران و درێژکردنی هەرچی زیاتری دەستی هێزە سەربازی و ئەمنیەکانیتی بەسەرهەرێمی کوردستان وناوچەکەدا. ئاکامێکی ئاواش بەدڵنیاییەوە ژیان و ئاسایشی خەڵکی کوردستان تێک ئەدات و بەڵای جەنگ ومیلیتاریزم و ئاوارەیی بۆ سەردۆخی ناهەمواری هاولاتیان زیاد دەکات.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان سەرباری ئەوەی هەر جۆرە هاوکاریکردنێکی کۆماری ئیسلامی، لەلایەن حکومەتی هەرێم وسەرکردایەتی حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانەوە، بە هەوڵێک لەدژی سەلامەتی وئارامی خەڵکی کوردستان و ڕەوتی ئازادیخوازی و شۆڕشگێرانەی جەماوەری لەناوچەکەدا دەزانێ، هاوکات بەوپەڕی تواناوە بۆ لەقاودان وشکستپێدانی ئەم سیاسەتە تێدەکۆشێت.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان هەرجۆرە فشارێکی حکومەتی هەرێم وحیزبە دەسەڵاتدارەکان بۆ سەرلایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی نێشتەجێی هەرێم، لەوانەش فشارەکانی ئەمجارەی سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانی بۆ ڕاگواستن و بەزۆر لەکەمپنانیان، سەرکۆنەو ریسوا دەکاو داوا لەخەڵکی ئازادیخوازی کوردستان وکەسایەتی ولایەنەکان دەکات کە بۆ ڕاگرتنی ئەم گوشارانە، دەنگی نارەزایەتی دەرببڕن وفشارەکانیان لەسەر یەکیەتی نیشتمانی توندبکەنەوە.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان**

٢٢/٦/٢٠٢٤

---

⇨ تا بە حزبولاش دەگەڕێتەوە وەک هێزێکی شیعەگەرای میلیشیایی کۆنەپەرست، لەخواروی لوبناندا هێزی خۆی زاڵکردوە. حکومەتی لوبنان کە خۆی چەندین ساڵە دەرگیری قەیرانێکی قوڵە بەهیچ شێوەیەک بەرژەوەندی لە شەڕدا نیە، واتە گرژی و چونە شەڕی حزبولا لەگەڵ ئیسرائیل بەمانای هەموو خەڵکی لوبنان ناکات.

گرژیەکان بەشێوەی ئیستا و تا ئەوەی بەرەو ئاستی شەڕ کە ئیسرائیل دەیەوێت، بڕوات، قوربانیەکانی خەڵکی مەدەنیە، کە ڕیزی ملیۆی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی ئازادیخوازو مرۆڤدۆست و چەپ لە جیهاندا بەدژی هەردوو بەرەکە و هاوپەیمانەکانیان دەوەستنەوە کە کاولکاری و کۆمەڵکوژیەکی تریان قبوڵ نیە.

٢٤ی حوزەیرانی ٢٠٢٤